# گەڕە لاوژەی بەهێزی بەهاریی

گەڕەلاوژەیەکی بەهێزی بەهارییە و
هەژانێکی کەسك و سارد
لە چوارمیزرابی ئاهەنگی ڕەنگینی پاییزو
ماڵاوایی خەمهێنەری گەڵادا
ئاهەنگیکی پڕ لە جوانیی
هی شمشاڵی جادووگەری سروشت
تیاح کە ئەم دەشتە کپانە
چەند تەژی لە وتووێژن و
شاعیر ، سەرمەستە لەوان، لەسەر
ئەو ڕەڵمەی دەبریسکێتەوە لەبەر نمی باران.
مێرگێکی هەراو
شیاوی وازی چێژی خورێن،
هەر دیاردەیەك لێرە چەمکێکە
هەر یەك بە کەسایەتی تایبەتی خۆیەوە
شەرمین، لەسەرخۆ، خەمبار، یان تەژی لە شادی
وشەگەلێك لە یەکێتی و ڕەنگاورەنگیی ژیان و
ڕێژەی هاوئاهەنگی نە هاوچەشنان.
بنەمای سۆڵیی وەکوو بڵێسەی کیمیاگەر
بە کونی باریکی قەڵافەتدا ڕادەکەن
ئاوازێکە لە گۆڕان و لێكهاڵان و
هەوڵی بەردەوامی نەسرەوتووی ئەفراندن
ئەوە ئەو هەڵپەرکێ نەدیارەیە کە
کە شۆقی گیان دەبزێوێ
پەلەوەر دەخاتە خوێندن و رووگەشی دەدابە گەڵا
ئەو دەمەی نیگاو هەناسەمان بۆن و بەرامەی گیاهەڵدەمژێ
خۆ بە ڕێسی سروشتەوە هەڵداوەسین
هێزی ژینبەخش ژینی داوە بە پەرژینی ئیشك و
لەگەڵ ئەو زیندوو بوونەوەیە
دەڵێی گیانی گیا باڵای دەکێشێ
تا خێوەتی کەسکی داری" مێرس" و" ئازاد"
ئەم دارە چەندە هێمنە، ئەم میوانە بێ زمانەی سروشت
پەناگەی یەکسانی مارومێرو
شێعری دڵڕفێن بۆ هەڵبەستڤانان،
لە چوارخانی شەترەنجی ئەواندا

ئاسمانی مانگی خەرمانان کەوەییە
شەپۆلی زێرینی گەرما
قورسایی دەخاتە سەر گەڵای ناسك
بەرزترین لکی دار لە چنگی چێشکەدا دەلەرێ.
بەرزتریش
باڵندەی باڵزل شاباڵیان کردووەتەوە و
نسێیان بەسەر برنجزاراندا رادەبرێ
بنچکی توترك بە سەر گۆلاوانەوە
خەوی ئالۆزی لکی دڕاوی
کە میوەیان بۆنخۆشە
ئەگەر چی پەڕەگوڵان ئیشكهەڵاتوون
بەڵام بڕگەبڕگەیان کەسك و دوڕاوین
چماز بە خزینی داپۆشەری لکی لوولییەوە
وەکو لەشکری کپیی هەموو جێی داگرتووە
شەوکەتی ئەوان لە داران زیاترە
پردیش لەو لەشکرگەیە دا ئاڵای شەکاوەیە
بۆنی شیلەی توندی گەزگەز
لە زمانیان تیژترە
لەوێ لە ژێر ئەفرای تەریك کەوتە
ئوجی و پنگ دیداریانە
رەنگە بۆ نهێنیی ووتەیەك کە هەیانە و
لە مردوواوێ
چرپیی قامیشان بە نارەزامەندی دەشەکێنەوە و
ئەم شینکاییەی کە بووە بە پێخوست
برینداری هەنگاوی ئادەمیزادە
لە تێکەڵ پێکەلیی نیسبییەتدا
تو بڵێی چەقڵی" ئیسکڵم" مافیان زیاترە
یان پەڕی" سیاوش"ان
تۆ بڵێی کوێروو رەسەنترە
یان سونبولە؟
ئەی ئەو گوڵە کەوەیی‌یانە ناویان چییە؟
تۆ بڵێی واکی خامۆش راوێژیان خۆشترە
یان گەڵای زۆر بڵەی کتێبەکانیان؟
بەلاداکەوتنی گیا لە بای شەوانەدا
وەکو لانزەلیلیی وجودێك رادەبرێ
لە دەروازەی چارەنووسدا!

*

لەسەر ئەم بەردە یان ئەویتر دانیشم
چونکە کێشێکی خەم
بەرەو ئەردم ڕادەکێشێ
خۆ فریودانە کە کە پێموایە سروشتی دەوروبەرم هی منە و
کاتێ کە چین چینی ناسکی ئاوی زولاڵی روبار دەبینم
هەموو کارەساتەکانم دێنە بەرچاو
ئەی هەبونی تێپەر لە دووپات بوونەوەی هەتا هەتاییدا
لێگەڕێ ئەوەی کە نەتزانیوە
لەگەڵ بنچکی"گنام"بە سرتە بدوێم
بە نیگای تیلی خۆم هەموو هەبوون لە دەمێکدا ڕۆ هێڵم
خۆراکێکە بۆ گیانی برسیم.
لە تەنگی شێواندا
ئاوازی کتوپری مەلێکی نەناسراو
ئاهەنگی وەدرەنگ کەوتوو و تەنیا
لە بارەگای شەوێکدا کە دەست پێدەکا
وەکو تەنیایی مرۆڤێك لە سەرەولێژیی ژیان و
لە زبوری شێعر ئایەتگەلی پڕ لە خۆفی رۆژی پەسلان
رۆژی شین بوونی گیای دڕکداری نەمان ...
گوڵانی 1334
ئێحسان تەبەری

وەرگێر : ح. ئەیوبزادە
06.12.2003